## یەحیا تۆرێ:

# گواردیۆلا داوام لێبکات دەبم

**یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ئیڤواری و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بە کورتی لە بەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی: ئەمساڵ ساڵی یانەی بەرشلۆنەیە و چاودێران وای بۆ نەدەچوون یەحیا تۆرێ ئەوا بە ئاسانی و بە متمانەیەکی زۆرەوە ئەم قسەیە بکات، بەرشلۆنە جامی ئیسپانی بردەوە دوای ئەوەی لە ئەتلتیکۆ بلباوی بردەوە و خولی یانەکانی ئیسپانیاشی لە نێو دەمی گورگ دەرهێنا و لە یاری کۆتایی خولی یانەکانی ئەورووپاش لە یانەی شەیتانە سورەکانی بردەوە ، یێتۆرێ یاریزانێکی یەدەگی سەرکەوتووی گواردیۆلا بوو و دڵی جەماوەری بەرشلۆنەی خۆشکرد، بەشمانزانی ئەم دیمانەی ئەم یاریزانە بڵاوبکەینەوە کەلە گۆڤاری سوپەری وەرزشی بڵاوکراوەتەوە.**

*** چۆن دەڕوانیە یاری کۆتایی بەرامبەر یانەی مان یۆنایتد؟**

- بەشێوەیەکی یەکجار باش یارییمان کرد و ڕێزێکی گەورەمان لە ڕکابەرەکەمان گرت و هەروەها ڕێزمان لە ئەستێرەکان و مێژووی ئەو یانەیە گرت، بەشماندەزانی کە یانەیەکی باش و زلهێزە، بەڵام دڵنیابووین لە سەرکەوتنمان لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر ئاستمان بەرز بوو بە پێچەوانەی هەندێ کەس کە لێکدانەوەیان بەرامبەر ئێمە هەڵەبوون، ئاست بەرزیمان لە یاری کۆتایی باشترین بەڵگە بوو، یانەی مانچستەر یۆنایتد مێژوویەکی بەرچاوی لەم پاڵەوانتیە هەیە، بەڵام ئێمە تۆمارێکی باشمان لە یاری جوان و ئاست بەرزی هەیە، گەر تۆزێك بگەڕێینەوە دواوە چۆن لە یاریگا خۆیان بە ئەنجامی (٦-٢) گۆڵ لە یانەی ریال مەدریدمان بردەوە.

*** هەست دەکەم لە قسەکانت وا دیارە لەخۆ بایت؟**

- نەخێر، ئەوە متمانەیە بە خۆمان ئەمەش ڕاستییەکانە لەوانەشە هەندێك لە قسەکانم وەکو هەڵچوونێکە ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنەکانمانە کە لە ڕاستیەکان دوور نییە.

*** ئەم هەڵچوونانەت تووشی ماندووبوونت دەکات وەکو ئەوەی لەگەڵ جەماوەری بلباو هاتە پێشت؟**

- نامەوێ زۆر باسی متمانە بەخۆم بکەم و ئەمەش نابێتە سووکایەتی بە بەرامبەر من دان بەوە دەنێم کە لە یاری کۆتایی جامی ئیسپانیا هەڵەم کرد ئەوکاتەی گۆڵی بەرامبەرم تۆمار کرد و شتی خراپم بەرامبەر جەماوەر کرد باشتر وابوو نەمکردبایە، بەڵێ شتێکی ناوەرزشی بوو دەمەوێ داوای لێبوردن لە هەموو لایەك بکەم.

*** دوای پێکانی مارکێز و میلیتۆ ڕاهێنەر پشتی بە تۆ بەست لە هێڵی ناوەڕاستی بەرگری و سەرەڕای ئەوەش ئاستێکی بەرزت نیشاندا بوویە جێگەی خۆشحاڵی جەماوەر، ئایا هەستت بەهیچ نەکرد کە ڕاهێنەر شوێنەکەی تۆی گۆڕی؟**

- گەر هاتوو هەستت بەوە کرد لە شوێنێك باش یاری دەکەی تیایدا سەرکەوتوو دەبێت نابێ نیگەران بیت کە شوێنت گۆڕاوە گەر هاتوو ڕاهێنەر داوای لێکردم لە باڵەکان و گۆڵچی بم ئەوە هەوڵ دەدەم شوێنی خۆم بکەمەوە تیایدا سەرکەوتوو بم بەرای من ئەوە بۆچوونی گشت یاریزانەکانمانە، بەڕاستی لای من یاریکردن لە شوێن گرنگ نییە بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوە کە یاری بکەم.

*** ئەمەکار لە پەیوەندیت لەگەڵ برادەرەکانت ناکات گەر وەکو یاریزانی سەرەکی وە یان یەدەگ یاری بکەیت؟**

- نەخێر، بەهیچ شێوەیەك ، تێگەیشتیم چ دەڵێیت و ئەم هەستەش لە بەرشلۆنە نییە، ئێمە بە گیانێکی بە کۆمەڵ کار دەکەین لەسەر یەك دڵ یاری دەکەین ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕکابەری کەسی لە لای ئێمە نییە گرنگ لای ئێمە خزمەتی ئەو یانەیە بکەین و ئاستێکی بەرز نیشان بدەین، گەر یانەی ئێمە بەشداری لە یارییەك و یان پاڵەوانیەتیەك دەکات هەموومان بیر لەوە دەکەینەوە کە بەشداری بکەین و ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین ئێمە ماندوو بووین تا گەیشتینە یاری کۆتایی زۆر یارییمان ئەنجامدا و ئەمەش پێویستی بە زۆر یاریزان هەیە و زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەڵێن فلان یاریزان لەبەر زۆری یارییەکان هیلاك و ماندوو بووە، ئێوە و خەڵکانێکیش با باش بزانن کە یانەی بەرشلۆنە یەك خێزانە و بە دڵ و بەگیان یاری دەکەن بۆ خزمەتی ئەو یانە خۆشەویستە.



وەرزش

گوڵان
ژمارە (٧٤٠)
٢٠٠٩/٧/٦

## ـــــه گۆڵچیش



# لە بەچگە شێران ئارارات بووە پاڵەوانی عێراق

بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستان و عێراق یانەی ئارارات بووە پاڵەوانی عێراق بە تۆپی باسکە لەسەر ئاستی بەچکەشێران، دوای ئەوەی ئەم پاڵەوانیەتی لە شاری بەغدا ئەنجام درا بە بەشداریکردنی (٥) یانە ئەوانیش یانەکانی (ئارارات – رافیدێن – سۆلاف – ئەرمنی – سەماوە)، یانەی ئارارات توانی ٤ سەرکەوتن تۆمار بکات کە بەمشێوەی خوارەوە بوو.

ئارارات – سۆلاف
٩٨ – ٥٦ خاڵ
ئارارات – سەماوە
٦٨ – ٣٤ خاڵ
ئارارات – رافیدێن
٧٣ – ٣٢ خاڵ
ئارارات – ئەرمنی
٩٣- ٤١ خاڵ

**بەمەش ریزبەندی کۆتایی پاڵەوانیەتیە بەمشێوەی خوارەوە بوو**

١- ئارارات ٨ خاڵ
٢- سەماوە ٧ خاڵ
٣- ئەرمەنی ٦ خاڵ
٤- سۆلاف ٥ خاڵ
٥- رافیدێن ٤ خاڵ

لە دەستکەوتێکی تری یانەی ئارارات لەم پاڵەوانیەتیە یەکێتی تۆپی باسکەی عێراق بریاری دا بە دەست نیشان کردنی راهێنەری یانەی ئارارات عەبدولخالق عەبدولقادر بە راهێنەری هەڵبژاردەی بەچکەشێرانی عێراق بۆ ئەوەی لە پاڵەوانیتییەکانی داهاتوو ئەم هەڵبژاردەیە بەرێوە ببات بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتوو یاریزانی بە توانا بۆ عێراق و کوردستان پێ رابگەیێنێت.

# هەڵبژاردنی یانەکانی هەولێر دەستی پێکرد



لە هەڵبژاردنێکی یانەکانی کوردستان بە سەرپەرشتی وەزارتی وەرزش و لاوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە دەستی پێکرد ئەنجامی کۆتایی راگەیەنرا ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی هەندێك لە یانەکانی هەولێرە.

*** یانەی وەرزشی هەندرێن**

١- حاکم جەمال سەرۆکی یانە
٢- نەوزاد محەمەد جێگری سەرۆك
٣- عەبدولخالق عەبدوڵلا سکرتێری یانە
٤- سابیر عوسمان بەرێوبەری دارایی
٥- قەهار فەتاح ئەندام
٦- قەیس شاکر ئەندام
٧- محەمەد جەمال ئەندام
٨- سرود محەمەد ئەندام
٩- موژدە ساڵح ئەندام

*** یانەی وەرزشی ئاڵا**

١- دلێر عەبدوڵلا سەرۆکی یانە
٢- تەها قادر جێگری سەرۆك
٣- بۆتان کەریم سکرتێری یانە
٤- پیران فایق بەرێوبەری دارایی
٥- سالار سلێمان ئەندام
٦- بڵند محەمەد ئەندام
٧- رێباز بابە شێخ ئەندام
٨- وەلی غەفوور ئەندام
٩- رۆشنا ئەحمد عەزیز ئەندام

*** یانەی وەرزشی پێشکەوتن**

١- شێرزاد کەریم سەرۆکی یانە
٢- کاکە شێخ بابە شێخ جێگری سەرۆکی یانە
٣- سەردار جەلال سکرتێری یانە
٤- دلشاد حوسێن ئەمینداری مالی
٥- ئادم عوسمان ئەندام
٦- نەجات ئەحمەد ئەندام
٧- سەمیر هادی ئەندام
٨- زندی جەبار ئەندام
٩- رووخۆش سەعید ئەندام

*** یانەی وەرزشی ئاسۆ**

١- ئیسماعیل ئیبراهیم سەرۆکی یانە
٢- محەمەد یوسف جێگری سەرۆك
٣- حازم کازم سکرتێری یانە
٤- کامەران جەبار ئەمینداری دارایی
٥- سەردار حەسەن ئەندام
٦- عەبدوڵلا خدر ئەندام
٧- مەسعود رەشاد ئەندام
٨- پەیمان خورشید ئەندام
٩- بەختیار ئەبو بەکر ئەندام

*** یانەی وەرزشی سولیڤانی ئەسپسواری**

١- عەبدولستار حەمەد سەرۆکی یانە
٢- محەمەد یەعقوب جێگری سەرۆك
٣- عەبدوڵلا مەنتك سکرتێری یانە
٤- فەرهاد محەمەد ئەمینداری دارایی
٥- سراجدین شێخ بهادین ئەندام
٦- دیار محەمەد ئەندام
٧- ئیسماعیل فەتاح ئەندام
٨- دلشاد هەوراز ئەندام
٩- تا ئێستا ئافرەت دیاری نەکراوە

هەروەها هەڵبژاردنەکانی هەر سێ یانەی برایەتی و هەولێر و یانەی خانزاد بۆ شەترەنج بۆ کاتێکی دیکە دواخرا.

ئەمەو وا چاوەروان دەکرا کە دوێنێ هەڵبژاردەکانی یانەکانی سنووری سلێمانی ئەنجام بدرێ، بەڵام لەبەر نەهێنانی بەشێك لە یانەکانی لیستی تۆماری ناوی دەستەی گشتی بریاریدا هەڵبژاردنەکان بۆ کاتێکی نادیار دوابخرێت.

# یەکێتی تۆپی پێی عێراق
# لە هەولێر کۆدەبێتەوە



ڕۆژی چوارشـــەممە ڕێکەوتی (٨-٧-٢٠٠٩)لە هەولێری پایتەخـــت یەکێتـــی ناوەندی تۆپی پێـــی عێراقی فیدڕاڵ کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات کە تیاییدا حوسێن سەعید سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق و گشت ئەندامەکانی ئامادە دەبن و لـــەم کۆبوونەوەیدا وا چاوەڕوان دەکرێ بـــاس لە بەشـــداریکردنی هەڵبـــژاردەی عێراق لە جامی کیشـــوەرکان و ئەنجامەکانی بکرێ، هەروەها باس لە ڕاهێنـــەر بۆرا بکرێت و ئایا بۆندەکەی نوێ دەکرێتەوە یاخود ڕاهێنەرێکـــی تازە بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەهێنن و، باس لە یاری دۆســـتانەی هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و فەڵەستین دەکەن کە لە یاریگای نێودەوڵەتی شـــەهید فرانسۆ هەریری ئەنجام دەدرێ.

# یانەی هەولێر پاڵەوانیەتی پایسکل سوار
# کۆنترۆڵ کرد

لە هەولێری پایتەخت کۆتایی بە قۆناغی ســـێیەمی پاڵەوانیەتی پایســـکیل سواری عێراق بۆ ناوچەی باکوور لەسەر ئاستی پێشکەووتوان و لاوان و تازەپێگەیشـــتتوان بـــۆ کوڕان و کچان هات، کە لەســـەر ڕێگای (دارەبزمـــارە – تۆبزاوە) بەڕێوەچوو کـــە تیاییدا یانەی هەولێر کۆنترۆڵی ئەم پاڵەوانیەتی کرد لەســـەر ئاســـتی کوردان بۆ پێشکەوتووان و لاوان و تازەپێگەیشـــتتوان دوای ئەوەی پلەی یەکەمی بە دەســـت هێنا، ئەنجامەکانی کۆتایی ئـــەم پاڵەوانیەتی بەم شـــێوەی خوارەوە بوو.







بۆ کوڕان لەسەر ئاستی پێشکەووتوان
١- یانەی هەولێر
٢- یانەی سۆڵاڤ
٣- یانەی کۆیە

لەسەر ئاستی لاوان
١- یانەی هەولێر
٢- یانەی قەرەقۆش
٣- یانەی سۆڵاڤ

لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتتوان
١- یانەی هەولێر
٢- یانەی برایەتی
٣- یانەی سۆڵاڤ

لەسەر ئاستی کچان
١- یانەی نەورۆز
٢- یانەی برایەتی
٣- فەتاتی کەرکوک